# ٢ ـ بچین بچین

ئەم یاری‌یە لە بەینی ( ٢ ـ ٥ ) منداڵ ئەکرێ لە تەمەنی ( ٤ ـ ٧ ) ساڵی‌دا ، هەموو بازنەیی بەرانبەر یەك دائەنیشن ، یەکێکیان هەردوو دەستەکانی لە پیش خۆیەوە ئەگرێ، بە دەستێکی پەنجەکانی دەستەکەی تری یەکە یەکە ئەچەمێنێتەوە لە پەنجەی بچوکەوە دەس پێ ئەکاو ئەڵێ : بچین بچین ؟، کوە بچین ؟! بچینە دزی !: ، خوداو پیغەمبەر قەبوڵ ناکا ؟، بە ملی من !.

ئەم یاری‌یە چیرۆکو بە سەر هاتی ئەم پەنجانە ئەگێڕنەوە پەنجەی بچووك بە پەنجەکانی‌تر ئەڵێ : بچین بچین ؟ تاکو بیر لە کاریك بکەنەوە بیکەن ، پەنجەی دووەم ( برای تووتە ) سەری سڕ ئەمێنێ، ئەڵێ : کوە بچین ؟! ، پەنجەی نێوان ( هەڵمەقۆ ) ئەڵێ : بچینە دزی !! ، پەنجەی شادە ( دۆشاو مژە ) بەرگری ئەکاو ئەڵێ : خوداو پیغەمبەر قەبوڵ ناکا ؟. چونکو دزی شتێکی ناپاکە گوناهبار ئەبین ، پەنجەی گەورە ئەڵێ : بە ملی من !! وانە گوناهی هەموو پەنجەکان ئەخاتە ئەستۆی خۆی‌و رشتیان ئەکا لە سەر دزی کردن . بەم جۆرە منداڵەکان یەکە یەکە پەنجەکان ئەژمێرن‌و لاسایان ئەکەنەوە بە ریزە .